

# HP کۆمپیوتەرێکی یەکپارچەی لەمسی بەرهەم دێنێت

بەبێ هیچ چەشنە ڕێکلامێك بۆ کۆمپانیای HP، بەرهەمەکانی کۆمپانیای ناوبراو لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ریزی یەکەمەکانی تەکنەلۆژیای نوێ دێنە ژمار. کۆمپانیای ناوبراو پێشتر تەنیا پرینتەری بەرهەم دەهێنا، بەڵام لەم دواییەدا وەك زۆر کۆمپانیای دیکە هەموو بوارەکانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم تاقی دەکاتەوە.

کۆمپانیای HP لەم دواییەدا کۆمپیوتەرێکی یەکپارچەی بەرهەم هێناوە کە تەواو لەمسییە و ویندۆز8ی لەسەرە، کۆمپیوتەری ناوبراو کارتی گرافیکی جۆری NVIDIA لەسەرە و رامەکەی 8 گیگابایتە، بۆ پەیوەندی گرتن شوێنی USB 3 و شوێنی HDMI هەیە. بۆ هەڵگرتنی داتاکان دەتوانیت لە هاردی جۆری SSD و HDD سوود وەربگریت. هەروەها بەمەبەستی بردنە سەری کوالیتی پارچەکانی کۆمپیوتەرەکە دەکرێت بە ئاسانی پشتی کۆمپیوتەرەکە بکەیتەوەو پارچەکانی بگۆڕیت.



# بەهۆی ئەو کڵاوەوە جیهان بە جۆرێکی دیکە دەبینیت

لە کوردەواری خۆماندا بەو کەسانەی کە لە ساویلکەیی کەسانی دیکە بە قازانجی خۆیان سوود وەردەگرن، دەڵێن "کڵاوی لەسەرنا" کڵاو لەسەرنان لە لای ئێمە بەمانای فریودان دێت، بەڵام خۆزگە هەموو کڵاوێك وەك ئەو کڵاوە تەکنەلۆژییەی کۆمپانیای سۆنی دەبوو.

کڵاوەکەی سۆنی کە بە Sony HMZ-T2 ناسراوە، خاوەنی شاشەیەکی بەهێزی OLEDیە بە کوالیتی HDیەوە، لە نیشاندانی فیلمی سێ ڕەهەندی واتە 3D دا، تا ئێستا هاوتای نییە. بەهۆی ئەو کڵاوەوە وەك ئەوەی لە هۆڵێکی گەورەی سینەما دانیشتبیت و سەیری فیلم بکەیت ئەویش بە شێوەی سێ ڕەهەندی وایە.



# تەبلێتی کتێبخانە نوێترین بەرهەمی ئامازۆنە

کتێبی دیجیتالی زۆر لەمێژ نییە خۆی لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا دەرخستووە، پێشتر ئاماژەمان بە خاڵە بەهێزەکانی کتێبخانەی دیجیتالی بە بەراورد بە کتێبخانەی کاغەز و کلاسیکی کردبوو، بۆ بیرهێنانەوە دەڵێین، کتێبخانەی دیجیتالی قەبارەکەی تەنیا بە قەد کتێبێکە، بەڵام هەزاران کتێب لەخۆیدا جێ دەکاتەوە، هەڵگرتنی ئاسانە، شێوازی سوود لێوەرگرتنی ئاسانە، خۆڕاگری لە ئاست تێکچوون و لەناوچوون زیاترە...

کۆمپانیای ئامازۆن لە ریزی یەکەمی ئەو کۆمپانیایانە دێت کە کتێبیخانەی دیجیتالی بەرهەم دێنن، لەم ماوەیەدا ئامازۆن سێ کتێبخانەی دیجیتالی خۆی بڵاوکردەوە. کتێبخانەی Kindle fire HD کە تەبلێتێکی 9.8 ئینجییە، بە کوالیتی فول HD شاشەکەی خۆی دەنوێنێ و تەواو لەمسییە، ئەم کتێبخانە نوێیە خاوەنی دوو سپیکەری بەهێزی ستریۆن و لە تۆڕی ئینتەرنێت سوود وەردەگرێت، هەروەها شەپۆلی رادیۆیش وەردەگرێت. هاردەکەی لانی کەم 16 گیگابایتە، کە ئەم قەبارەش بۆ راگرتن و خەزنکردنی کتێب کەم نییە. هەروەها دەکرێت کتێبی دەنگیشی تێدا خەزن بکرێت، جگە لە خەزنکردنی چەندین یاری ئەلکترۆنی.

# دۆک"ێک لەگەڵ گشت لاپتۆپێک دەگونجێت"



Dock بەو چوارچێوەیە دەگوترێت کە وەك مێزێکی بچووك لاپتۆپی لەســـەر دادەنرێت و بەهۆی کێبڵی usbیەوە بە لاپتۆپ پەیوەند دەدرێت و جگە لە ئەرکی راگرتنی لاپتۆپەکە، چەندین ئەرکی وەك فەنێك بۆ فێنك کردنەوەی لاپتۆپ و سپیکەرێك بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و..تاد ئەنجام دەدات.

کۆمپانیای Kensington دوو مۆدێلی نوێی لە دۆك بەرهەم هێناوە کە بۆ گشت جۆرەکانی لاپتـــۆپ دەگونجێت، بەم "دۆك"ە نوێیانەی کۆمپانیـــای ناوبراو ئێوە دەتوانن پۆرتی USB 3.0 لەگەڵ شـــوێنی کێبڵی DVI/HDMI/VGA هەیە، ســـەرەرای ئەوەش شوێنی کێبڵی "ئەتەرانێت" واتە تۆری ناوخۆیی هەیە.

بۆ ئەوانەی کە خاوەنی لاپتۆپن پێویســـت دەکات "دۆك"ێکی تایبـــەت بـــە لاپتۆپەکەیان هەبێـــت، بۆ ئەوەی کـــە تەمەنی لاپتۆپەکەیان زیاتر بێت و زەختێك بۆ سەر سپیکەر و فەنی لاپتۆپەکە نەیەت.

# سەیر نییە تەلەفۆنیش وەک مۆبایلی لێبێت!!

تەلەفۆنـــی ماڵ، کە لەلای ئێمە بە تەلەفۆنی نۆرماڵ ناســـراوە، لەمێـــژە هیچ گۆرانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و لە راستیدا بەدوای پەرەسەندنی مۆبایل، ناحەقییەکی زۆری لێکراوە و بەتەواوی پشتگوێ خراوە، هەرچەندە لە زۆر شوێنی جیهان ئەرکی پێوەندییەکان هەر بە تەلەفۆنی نۆرماڵ دەکرێت.

کۆمپانیای فلیپس بۆ ئەوەی کە بەرگێکی نـــوێ و گیانێکـــی نوێ بەبـــەر تەلەفۆنی نۆرماڵدا بـــکات، تەلەفۆنێکـــی بێوایەری هۆشـــمەندی بەرهـــەم هێناوە کە تـــەواو لە شـــێوەی مۆبایل دەچێت. شاشەیەکی رەنگی و لەمســـی کە دەکرێت زۆربەی ئەرکەکانی مۆبایل ئەنجام بـــدات. تەلەفۆنی S10 ی کۆمپانیای فلیپس کە بێ وایەرە و دۆکێکی لەگەڵدایە کە وایەرەکە لەو دەخرێت و ئەویش بە سیســـتەمی بێ وایەر لەگەڵ تەلەفۆنەکە پێوەندیدایە، جێگای ســـەرنجە ئەم تەلەفۆنە وەك مۆبایلێکی ئاسایی سیستەمی بلوتوسی هەیە و دەکرێت بە تەلەفۆنە هۆشمەندەکانەوە پەیوەند بدرێت و ئیدی پەیوەندییەکانی مۆبایلە هۆشـــمەندەکان بەهۆی ئەوەوە ئەنجام بدرێن، مـــەودای دووری تەلەفۆنەکـــە 50 مەترە. داهێنانی ئـــەو تەلەفۆنە نوێیە دەکرێت بڵێین جارێکی دیکە تەلەفۆنی نۆرماڵ شـــوێنی خۆی دەکاتەوە.




# لە ئاو و خوێش وزە وەردەگیرێت



بۆ بەدەســـتهێنانی وزە سوود لەگەڵێك ســـەرچاوە وەرگیـــراوە و بەرهەمهێنەرانی بـــواری تەکنەلۆژیای نـــوێ هەوڵ دەدەن سەرچاوەی دیکە جگە لە خۆر و با رێگای دیکەش تاقیبکەنەوە، نوێترین تاقیکردنەوە کۆمپانیای Green houseی ژاپۆنییە، کە چرا لایتێکـــی بەرهەمهێناوە وزەکەی خۆی لە خوێ و ئاو وەردەگرێت. ئەم چرا لایتـــە کە بە ئاو و خوێ هەڵدەبێت، لەبری باتری مەخزەنێکی 350 ملمی خوێ و ئاو لەخۆی دەگرێت و تەنیا بە 16 گرام خوێ دەتوانێ 8 کاتژمێر رووناکی ببەخشێت.

وزەی پێویســـت بـــۆ رووناککردنەوەی گڵۆپـــە LEDیەکانـــی چـــرا لایتەکە لە رێگای باترییەکی ئەلکترۆکیمیایی بەرهەم دێت کە ئاو و خوێ دەبنە دوو جەمسەری وزەی بەخشـــینی باترییەکە. لە داهاتوودا دەکرێـــت ئەم بیرۆکەیە بۆ بەدەســـتهێنانی وزە بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل و کامێرا و لاپتۆپ سوودی لێ وەربگیرێت.

# سامسۆنگ کامێرای گالاکسیشی بەرهەم هێنا



کۆمپانیای سامسۆنگ بە داهێنانی گالاکسی مۆبایل سەرکەوتنێکی باشی بەسەر رکابەرەکەی خۆی واتە کۆمپانیای نۆکیا بەدەستهێنا و خۆی گەیاندە هاو ئاستی کۆمپانیای ئەپڵ، بەڵام کۆمپانیای ناوبراو لە بەرهەمهێنانی گالاکسیدا هەر بە مۆبایل نەوەستاوە و لەم دواییەدا کامێرای گالاکسیشی بەرهەم هێنا.

هەرچەندە لەمێژە جیهانی کامێرای دیجیتال زیاتر لە دەست کۆمپانیای نیکۆن و کانون دابووە، بەڵام سامسۆنگ و سۆنیش هاتوونەتە مەیدانەوە.

گالاکسی کامێرا زیاتر وەك مۆبایل دەچێت، چونکە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی مۆبایلی تێدایە، بۆ نموونە بە ئەنتەرنێت پەیوەند دەدرێت و لەوێوە دەتوانیت وێنەکان بۆ سەر سایتەکان دابەزێنیت. دەکرێت هەر لەسەر کامێراکە دەستکاری وێنەکان بکەیت بەبێ ئەوەی دایبەزێنیە سەر کۆمپیوتەر، بەهۆی کامێرای ناوبراو دەتوانیت لە دوورەوەش وێنە بگریت. کامێراکە 16 میگاپیکسلە، زوومی ئیپتیکالی 21ە. فەرمانی دەنگی لە کامێراکەدایە و دەتوانیت بە دەنگ فەرمانی پێبکەیت کە وێنە بگرێت.


# مۆبایلە هۆشمەندەکان دەتوانن تەلەڤزیۆن وەربگرن

ئامێری وەرگری شەپۆلی دیجیتالی بۆ تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر لەم ماوەیەدا بازاڕی بەرهەمهێنانی گەرمە، هەر رۆژە ئامێرێکی نوێ لە وەرگری شەپۆلی دیجیتالی تەلەڤزیۆن بەرهەم دێت. نوێترین ئامێری وەرگری شەپۆلی دیجیتالی تەلەڤزیۆن بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان بەتایبەتی هاندی ئایفۆن و گالاکسی هاتە بەرهەم. ئامێرەکە کە بە ناوی Eye TV mobile واتە چاوی تیڤی بۆ مۆبایل ناسراوە، وەرگرە دیجیتالییەکە هەم بۆ مۆبایل و هەم بۆ تەبلێت دەگونجێت. بۆ وەرگرتنی شەپۆلی تەلەڤزیۆن ئامێرەکە ئالیارێکی بچووکی لەگەڵدایە و هەروەها لە شەپۆلی مۆبایلەکەش بۆ وەرگرتنی شەپۆلی دیجیتالی سوود وەردەگرێت.





## لەم سایتەدا راستەوخۆ بەبێ بوونی ئیمێڵ نامەکانتان بەڕێ بکەن



ئیمێل لە جیهانی مەجازیدا بۆ بەڕێکردنی داتا و پەیوەندییەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە، ئیمێل شوێنی فاکس و نامەی گرتۆتەوە، بێ گرفتترین و خێراترین خزمەتگوزاری پەیوەندی جیهانی مەجازییە. هەروەك دەزانن گەورەترین سایتی بەخشینی ئیمێل واتە نامەی ئەلکترۆنی کۆمپانیای ”yahoo“یە، بەڵام دەبێ پێشتر لەم سایتەدا ئیمێلێکت کردبێتەوە تا بتوانی نامەکانت بەڕێ بکەی. لە سایتی Bubbles بە بێ کردنەوەی ئیمێلێکی تایبەت بەخۆت، دەتوانیت نامەکانت بەڕێ بکەیت. ئەوە دەتوانن هەروەك جیهانی واقیعی، چوارچێوە و وێنە و رەنگی تایبەت بە ئیمێلەکەت دیاری بکە یت. یان ئەگەر لە شاشەی لەمسی سوود وەردەگریت هەر بە دەستوخەتی خۆت نامەکەت بنووسیت و بۆ کەسانی دیکەی بنێریت. هەروەها سایتی ناوبراو خاوەنی تۆڕێکی بچووکی کۆمەڵایەتییە کە ئەو هەلەت بۆ دەڕەخسێنێت کە لەگەڵ کەسانی دیکە ببیت بە هاوڕێ و دەق و نووسینەکانی خۆتان بۆ یەکدی بەڕێ بکەن.



# تەبلێتێک به دیزانێکی سەرنجڕاکێشەوە

هەروەك دەزانن کۆمپانیای DELL زیاتر لە دە ساڵ دەبێت لە بواری بەرهەمهێنانی لاپتۆپ و تەبلێـــت و کۆمپیوتەردا شـــوێنی دیارە، نوێترین تەبلێتی کۆمپانیـــای ناوبراو، تەبلێتێکی نوێیە کە دیزاینەکەی لە هیچ تەبلێتێکی دیکە ناچێت و ویندۆزی 8ی لەســـەرە و بەم زوانە دەکەوێتە بازاڕەوە.

تەبلێتـــە نوێیەکە کە بە تەبلێتی جۆری XPS Duo 12 ناســـراوە، دەکرێت وەك لاپتۆپیش ســـوودی لێوەربگیرێت، لە ڕاستیدا تەبلێتەکە پێکهاتووە لە تەبلێت و نوتی بوك کە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرەکەی دەرەخســـێنێت کە هەرکاتێك حەز بـــکات وەك تەبلێت یان وەك لاپتۆپ ســـوودی لێوەربگرێت. تەبلێتەکە تەواو لەمسییە و کوالیتی نیشاندانی شاشەکەی فول ئێچ دییە. ســـایزی شاشەکەی 12 ئینجە، کە لە کانزای ئەلەمینیۆم پێکهاتووە، پرۆسیسەرەکەی هی کۆمپانیای ئەنتەلە.

## پرۆگرامێک بۆ تێستکردنی هارددیسک

هارددیســـك واتە کۆگای داکردنی داتاکانی کۆمپیوتەر، دڵی سیســـتەمی کۆمپیوتەری ئێوەیە تا ئەو کاتەی دڵی کۆمپیوتەر کار بکات، کۆمپیوتەرێکی باش و بێ گرفتت دەبێت. بۆ ئەوەی کە بزانین گرفتی هارددیسکی کۆمپیوتەرەکەت لە کوێدایە، پێویستە چ بەشێکی بخرێتە ژێرچاودێرییەوە، زۆر جاران بەشێك لە هارددیسك خراپ دەبێت یان جار هەیە پێویست دەکات ئێمە بزانین گەرمی هارددیســـکەکە لە چ ئاستێکدایە، چونکە زیاتر بوونی گەرمی هارددیســـك کاریگەریی خراپ لەسەر کارکردنی هارددیســـکەکە دادەنێت، بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی Active smart کە پرۆگرامێکی ســـادەیە دەتوانی چارەســـەری گشت کێشەکانی هارددیسکەکەت بکات، چونکە بەهۆیەوە زانیاری پێویستی خۆت لە بارەی هارددیسکەکەتەوە دەزانی. زانیارییەك کە زۆر گرنگە بیزانی، گەرمی، کارایی و بێ گرفتی هارددیســـکەکە سێ بەشن کە پرۆگرامەکە تێستیان دەکات، ئەگەر ئەو سێ بەشە بەباشی کاری کرد چرای ســـەوزەکە نیشان دەدات و ڕایدەگەیەنێت کە هارددیسکەکە بێ گرفتە، ئەگەر گرفتێکی سەرەکیش هەبێـــت، زەنگی هۆشـــیارکردنەوە لێدەدات.





## هـــەر جـــارەو وەڵامـــی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێزی ئایتی سەرەڕای دەستخۆشـــی لـــە بابەتـــە زانیاری بەخشەکانی ناو گۆڤارەکە، پرسیارێکی بۆ هاتۆتە پێش و دەپرسێت، ئایا ئامێرێك هەیە کـــە کۆمپیوتەرە لاپتۆپەکەم وەك تەلەڤزیـــۆن لێبـــکات و بتوانم بەهۆی لاپتۆپەکەمـــەوە کەناڵە تەلەڤزیۆنیەکان سەیر بکەم.

سوپاس بۆ هەستت خوێنەری بەڕێز، ســـەبارەت بە گۆڤارەکە.. لە وەڵامی پرسیارەکەتدا دەکرێ بڵێین لە جیهانی تەکنەلۆژیای ســـەردەمدا هیچ شتێك نییـــە کە بەرهەم نەیـــەت و ئەوەی بە زەینی مرۆڤدا بێـــت هەوڵ بۆ بەرهەم هێنانـــی دەدرێت، بەڵێ ئامێری Flash TV ماوەی چەند ســـاڵێکە لە بازاڕدا هەیـــە و قەبـــارەی ئامێرەکـــە بەقەد فلاشـــێکە و شـــوێنی کێبڵی ئالیاری تەلەڤزیۆنـــی هەیە و بە دانانی کێبڵی وایـــەری تەلەڤزیۆن دەتوانیت گشـــت کەناڵە ناوخۆییەکان بەشێوەی دیجیتالی لەســـەر لاپتۆپ ســـەیر بکەیت. دیارە ئامێری لەو چەشـــنە بـــۆ مۆبایلیش بەرهەم هاتووە و واتە مۆبایلەکان دەتوانن تەلەڤزیۆنە ناوخۆییـــە دیجیتالییەکان وەربگـــرن.. دیارە ئامێـــری وەرگری دیجیتالی قەبارە و کارکردنیان جیاوازە و لە بازاڕدا زۆربەیان دەست دەکەون...